سەيد حەكيم: نەجەفى ئەشرەف شايستەى ئەركێكى زياترە لە هەردوو حكومەتى ناوەندى و نێوخۆيى



بەڕێز سەماحەتى سەيد حەكيم سەرۆكى هاوپەيمانێتى هێزە نيشتمانييەكانى دەوڵەت لە نووسينگەى خۆى لە بەغدا پێشوازى لە بەڕێز يوسف گناوى پارێزگارى نەجەف و كۆمەڵێك ئەندامانى ئەنجومەنى پارێزگا كرد، لەم ديدارە باس لە ئامادەكارييەكانى شارەكە بۆ يادى لەدايك بوونى پێغەمبەرى مەزن (د.خ) لەسەر بێت، هەورەها ستايشى ئەرك و خزمەتى كرد لە رۆژانى چلەى ئيمامى حوسێن (خوا لێيان ڕازى بێت)، هەروەها داواشى كرد جووڵە بە پرۆژە پەك كەوتوەكان بكرێت لەوانەى بەشێكى باشيان ئەنجامدراوە.

سەماحەتى جەختى كردەوە لەسەر گرنگى شارى نەجەف بەو پێيەى شارى ئەميرى موسلمانانە (سلاوى لێ بێت) و سەنتەرى مەرجەعيەى باڵاو حەوزەى زانستييە، ئەوەش پێويستى بە ئەركێكى زياترە لە هەردوو حكومەتى ناوەندى و نێوخۆيى، دووپاتيشى كردەوە كە پێويستە تواناكانى پارێزگاكە لە ڕووى گەشتيارى و كشتوكاڵى و پيشازى و نەوتى.

لەكۆتاييدا بەڕێز حەكيم داواى كرد دەسەڵاتى دەستوورى و ياسايى بە حكومەتە خۆجێيەكان بدرێت، هەروەها گرنگى هەماهەنگى كارى نێوان حكومەت و وەزارەتە خۆجێييەكان بۆ باشتركردنى شارەكان باسى لێوەكرا...